# (پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان)

# شەقبوونی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق


**کاظم قادر**

15 أيار، 2007

Kazmkader72@yahoo.com


**له بەرواری** 2007/04/17 **مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بڕیار نامەیەکی دەرکردووە، لەژێرناوی:**"سەبارەت بەپوێستی پێکهێنانی دەستبەجێی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردوستان "**پاشان هاورێیانێکیش لەوبارەوە ڕاوبۆچونی خۆیانیان بەیان کردووە، منیش پاش خوێندنەوەی ئەوبابەتانەو هەڵسەنگاندنیان و نەزەرو سیاسەتێک کە قەرارە لە ڕوانگەیەوە حزبێکی بۆ دروست بکەن، ئەم بابەتەم لە لاگەڵاڵە بوو. سەبارەت بڕیارنامەکەی مەکتەبی سیاسی ،دەبێت بڵێم بەیانێکی زۆر کرچووکاڵەو نەیتوانیوە لانیکەمی پێویستیی دامەزراندنی حزبێک کەقەرارە دروستی بکەن بسەلمێنێ و نیشانبدا.**

**چەند** "پێویستیەک"**کەقەرارە حزبێکی بۆ دروستبکەن، ئەوەیە کە دەڵێن**" لە شآنزە ساڵی ڕابردوودا کوردوستانی عێراق بەکردەوە لە عێراق دابڕاوەو بووە بە کۆمەڵگایەکی تەواو جیاواز" مەترسی لکاندنەوەی کوردوستان بە عێراقەوەو" پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ کوردوستان و "**یان**"جیاوازیەکانی..لە بوارەکانی ئابوری و سیاسی وئیداری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا.. **"و کەسیش نازانێت مەبەست لەوجیاوازیانە چیە ؟**

**پێداویستیەکان لەوەوە نەهاتووە کە بزوتنەوەی کرێکاریی لە ئاستێکی وەها گەشەکردندایە، پێکهێنانی حزبێکی کردبێتەکاری ڕۆژ، ڕابەران وکادری بزوتنەوەی کرێکاریی و کۆمۆنیستی هەیە، تەشکیلاتی حزبی کۆمۆنیست فراوان بووەو.. حیزبی کۆمۆنیست بەهێز بووە وەدەتوانین حیزبێکیتر دروستبکەین.**

**پێداگرتن لەسەر ئەوەی لە شانزە ساڵی ڕابردوودا کوردستانی عێراق بەکردەوە لە عێراق دابڕاوەو بووە بە کۆمەڵگایەکی تەواو جیاواز سەیر دێتە پێش چاو !** "بە کردەوە دابڕاوو جیاواز" **مانای چییە؟!ڕاستە لەڕووی "سیاسی" و ئیدارییەوە شانزە ساڵە ناسیونالیزمی کورد ئیدارەی دەکات، بەڵام لە باری قانونی نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەوە کوردوستان بەشێک بووە لە عێراق. بەرزترین ئاماژەیەک کە خودی ناسینالیزمی کوردی و عەرەبی بە کوردوستانی دەدەن – هەرێم – ئقلیمی کوردستانە.مەبەستی من ئەوەنیە تاکو ناسیونالیزمی کوردی و عەرەبی و رای دەرەکی داوای جیابوونەوە نەکەن، نابێت داوای جیابوونەوە بکرێت.ئەگەر دواڕێگاچارە جیابوونە وەبێت ئەوا دەبێت خەڵکی کوردستان ئەوقەرارە بداو لەسەردەستی ئەوان و بەقەراری ئازادانەی ئەوان ئەوکێشەیە یەکلایی بکرێتەوە.**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**دەڵـێن**"تایبـەتمـەندییـەکان و جیاوازیـەکانی کوردستانی عێراق لـە چاوبـاقی ناوچـەکانی عێراق،لـە بـوارەکانی ئابووری و سیاسـی و ئیداری و کۆمـەڵایـەتـی و فـەرهـەنگیدا ڕۆژبـەڕۆژزیـاتر دەبن".**بوارەکـانی ئـابوری و سیاسی و ئیداری و کۆمەڵایەتی و فەرهـەنگی، پێنج ڕەهەنـدی ژیـانی بەشـەرین،دەکرێت مـرۆڤ یەکەیەکە لەسەر هەریەکێک لەوانە لیکۆڵینەوە بکات و بەئەنجامێک بگات، تاکو دواتر بتوانێت نەخشەو مەبەستەکانی خۆی لەسەر پراکتیک بکات.کەچی وەک پێنج زاراوەی بێگیان فڕێدراون و کەس نازانێت مەبەست لێیان چییە؟هەروەها بەدوای ئـەودا هـاتووە** "بۆیـە کۆمۆنیزمی کرێکاری لـە کوردستان پێویستی بە حزبی تایبەتە کە بـەپێی هـەلومـەرجی سیاسـی و کۆمـەلایـەتـی کۆمـەڵگای کوردستان بۆ جێبەجێکردنی تەواوی بەرنامەی دنیایەکی باشتری خۆی تێبکۆشێت"**بەڕاستی ئەوبڕگـەیـەی سـەرەوە قسـە زۆرهەڵدەگرێت،بەڵام لەبەرئەوەی ئەو پێنج ڕەهەنـدەی کـە ئیشـارەم پێکرد تـەنیا وەکو زاراوە هاتووە و ڕۆشن نەکراوەتەوە،من ناتوانم ڕونکردنەوە لە سەریان بدەم،بۆیـە داوا لـە هاوڕێیـان دەکـەم جیاوازییـەکانی کوردسـتان وعێـراق بـەپێێ بۆچـوونی خۆیـان نیشـان بـدەن و لەسـەر هەریەکێک لەو ڕەهەندانە بدوێن.**

**هەروەها خاڵێکی تر لە بڕیارننامەکەدا هاتووە و جێی ئاماژەپێکردنـە ئەوەیـە،**"هـەروەها لـە گـەڵ کـەسایـەتـی و کۆڕو کۆمـەڵـە کرێکاری و چـەپ و ڕادیکـاڵ و ئـازادیخوازەکان پـەیوەنـدی و گفتوگۆبکرێت و بانگهێشت بکرێن بۆ بەشداری کردن لە پرۆسەی پێکهێنانی حزب و یەکگرتووکردنی ڕیزی چەپ و کۆمەنیزم لـە چوارچێوەی ئـەم حزبـەدا". **ئـەم بۆچوونـە چـەنـد هـاوڕێی تـریش ئاماژەیـان پێداوە، بـەڵام بـە نارۆشنی ماوەتەوەو پێویستە ڕوونبکرێتـەوە،من دواتـر لـە پـەیوەنـد بـە باسـەکانی هاوڕێیـانی تـرەوە لەسـەریان بۆچـوونی خۆمـدەدەم. مـن دژی جیابونـەوەی کوردسـتان نـیم ،هـەروەها دژی پێکهێنـانی حزبێکلـی کۆمەنیسـتییش نـیم ئەگـەر زەمینـە سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و مادییـەکانی ئامادەبێت،هەروهها هەر ڕەوت و بزووتنەوەیەکی چەپ و کۆمەنیستی کەدەیانەوێت حزب دروست بکەن دەبێت ئەو زەمینە سیاسی کۆمەڵایەتیە بسەلمێنن کـە پێکهێنـانی حـزب دەکاتـە پێداویستی ڕۆژ.**

**لـە**"بابـەتێک بـۆ لێدان و گفتوگـۆی کـراوەی "**هـاوڕێ عبدللـه محمـود دا هـاتووە ،ئـاوا دەسـت پێـدەکات**"،واقیعـەتـە سیاسـی و ئـابووری و کۆمـەڵایـەتـی و ئیداری و فـەرهـەنگی کوردستان،جیابونـەوەی بەکردەوەی کوردستان جیابونەوەی بەکردەوەی لە عێراق پێداویستی پێک‌هێنانی حزبێکی سیاسی گرێخواردو بە بەرژەوەندیەکانی خەڵکی بێبەش و نەداری کوردستان کردۆتە مەسەلەیەکی هەنوکـەیی " **مـن پێسـتر گـووتم ئەو ڕستە زاراوەیـە ناتوانرێت هیچـی لێهـەڵهێنجنرێت ئەگـەر یەکەیەکـە لەسـەریان نەنوسـی و ڕوونبکرێتەوە.بۆیە من بۆ هاوڕێ عبدلله ی جێدەهێڵم هیوادارم بتوانێت ڕوونیان بکاتەوە.**

**لەسەر جیابوونەوەی بەکردەوەی کوردستانیش لـە عێراق،ئەمـەش تـەینا وەهمێکـەو کوردستان بەهیچ شێوەیەک لە عێراق جیانەبۆتەوە. ئەگەر جیابونەوەیەکیش هەبێت تەینا ئەوەیە لەڕووی ئیدارییـەوە ناسـییونالیزمی کـورد ئیـدارەی دەکات،ئەمـەش بـە هـیچ مـەنتقێک** "جیابونـەوەی بەکردەوەی"**کوردستان لەعێراق ناگەیەنێت،بۆیە داتاشینی تیئۆریکی بۆ سـەلماندنی جیابونـەوەی بە کردەوە تائەوکاتەی بەڕەسمی و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دانیپێدا نەنرێت هیچ واقیعەتێکی نیە و ئەو هەموو پێداگریەش لەسەر جیابونەوەی بەکردەوە سەیرو سەمەرە دێتەپێش چاوو.**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**هاوڕێ عبدلله دەڵێت**"ئەمڕۆ بەشی زۆری ئیلێت(نوخبە)ی ئەدەبی و هونەری وسیاسی وناسراوی کۆمەڵگە،لەسەر پێداویستی حزبێکی سیاسی پێداگری دەکەن" **من لە هاوڕێ عبدلله دەپرسم ئەمەت چۆنزانی؟ ئەونوخبە ئەدەبی و هونەری و هتد ..سەربە چ ڕەوت و بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتین و چ حزبێکیان دەوێت؟هەروەها مەبەست لە نوخبەی ئەدەبی و هونەری وسیاسی ناسراوی کۆمەڵگا چییە؟مەبەست لەکام نوخبەی هونەری وئەدەبی و سیاسی کۆمەڵگایە؟ ئەگەر مەبەست لە نوخبەی هونەری و ئەدەبی وسیاسی چەپی کۆمەڵگابێت ،ئەوادەکرێت بڵێم بەشێکیان لە نێو حزبی کۆمەنیستدان و خۆیان ڕێکخستووە ، بەشەکەیتریان لە دەرەوەن ی بە هەردەلیل و مەبەستێک بێت، دیارە حزبیان قەبووڵ نەبووە، نوخبەی ئەدەبی و هونەری ڕاستی کۆمەڵگاش تۆیان قەبووڵ نیەو بەڵکو لەدژی تۆ کاردەکەن. هەروەها هێنانەوەی نمونەی ناڕازی بوونی نوخبەی هونەری و ئەدەبی چ پەیوەندێکی بە دامەزراندنی حزبێکی سیاسی کۆمەنیستیەوە هەیە؟**

**کۆمەنیزم لەسەر زەمینەی کۆمەڵایەتی و سیاسی گەورەتر حزب دروست دەکات ،دەبێت بزوتنەوەی کرێکاری مەوجود بێت ماتریاڵی بەشەریت هەبێت ، کادرو ڕابەری کۆمەنیستی و کرێکاریی هەبێت، کە بەداخەوە هەموویان لە هەندەرانن .**

**هەڵبەتە مەبەستم ئەوەنیە کە بزوتنەوەی کرێکاریی و هتد نیە و نابێت حزب دروست بکرێت ، بەڵکو مومەبەستم ئەوەیە حزبی کۆمەنیستی کرێکاریی عێراق هەیە و ئەوکارەی کە قەرارە بخرێتە دەستوری حزبی تازەوە، بە حزبی کۆمەنیستی کرێکاریی عێراق دەکرێت. گرفتەکە دروست کردنی حزبێکی تر نییە تاوەکو "** فریادڕەس وپاڵەوان **" بێت و کۆمەڵگا ڕزگار بکات.گرفتەکە ئەوەیە حزبی کۆمەنیست لە نزمترین ئاستی کارکردندایە،من دواتر ئەمە زیاتر ڕۆشندەکەمەوە کە چۆن حزبی کۆمەنیست لە نزمترین ئاستی کارکردندا بووە و نەیتوانی هێزبگرێ و ببێتە جێ متمانەی خەڵکی و چۆن لە کۆمەڵگە دوور کەوتۆتەوەو لە ئاوارەیدا دەژیت.**

**هاوڕێ عبدلله دەڵێت"** واقیعەتە سیاسیەکانی کۆمەڵگای کوردستان لەگەڵ واقیعەتە سیاسیەکانی کۆمەڵگای عێراق بەگشتی دوو واقیعەتی سیاسی تەواو جیاوازن..چارەنووسی سیاسی کوردستان و کێشمەکێش و مەسائیلێك کەلەکوردستان لە ئارادان تاواو جیاوازن لەوکێشمەکێش و ماسائیلانەی لەئاستی سەراسەری عێراقدا لە ئارادان..باسەکە لەسەر واقیعتەکان و مەسەلەو مەشغەڵەو گرفتەکان و داخوازیەکان و ..ئەم جیاوازی و مەسەلەو مەشغەڵانە.. **" .ڕیزکردنی ئەو زاراوەو ئەومەبەست و مانایانەی کەلە دووتوێی ئەو ڕەهەندانەدایە،هاوڕێ عبدلله هیچێان لەبارەوە ناڵێت و کەسیش بۆی ڕوون نییە،ئەوجیاوازی و گیروگرفت و مەسەلە و مەشغەڵە و هتد..هتد..هتد چییە؟!!!**

**هاوڕێ عبداللە دەیەوێت بەهەر شێوەیەک بێت زەمینەی پێکهێنانی حزبێک بڕەخسێنێ و پیشانبدات.دەبێت ئەوە ڕوونبکرێتەوە جیاوازیەکان چییە؟بۆدوو کۆمەڵگای تەواو لێک جیاوازن بۆچی ئەم جیاوازیانە دەست و پێی حزبی کۆمۆنیستی بەستووە و ناتوانێت ببێتە چوار چێوەیەک بۆڕێکخستن و کۆکردنەوەی ئەوجیاوازیانە ؟من داوا لە هاوڕێ عبداللە دەکەم وەڵامی ئەوپرسیارانە بداتەوە.هاوڕێ عبداللە دەڵێت**"ئەوەی لەم کۆمەڵگایەدا غایبە ، نوێنەری چینە نەدار و

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بێبەبەشەکانی کوردستانە وەکو کرێکاران و زەحمەتکێشان و هتد .. "**دواتر دەڵێت**"لەوانەیە کەسانێك بێن و بڵێن مەگەر حزبی شیوعی کوردستان چ کارەیە ؟"**جارێ کەم کەس هەیە ئاوا بڵێت و دووەم هێنانەوەی ئەوەی کە کەسانێک بڵێن حزبی شیوعی چ کارەیە زیادەیە لە باسەکە،دەکرا هاوڕێ عبداللە ئەو پرسیارەی لە حزبی شیوعی نەکردایەو یەخەی ئەوی نەگرتایە .دەکرێت خەڵک بڵێت ئەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق چ کارەیە..چ کارەبوو؟ مەگەر شانزە ساڵە ناڵێین حزبی کۆمۆنیست نوێنەر و پێشڕەوو ڕابەری کرێکاران و زەحمەتکێشانی عێراق و کوردستانە، کەچی ئێستا خەتێکی ڕاست و چەپی پێدادەهێنن و دەڵێن** "حزبی لە دەست دانی فرسەتەکان بووە"،**منیش دەڵێم وایە بەڵام بۆچی؟ ئایا گرفتەکە لەوەدا بوو کە هەرلەسەرەتای دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقەوە کوردستانێکەش دروست نەکرا؟ یاخود حزبی کۆمۆنیست نەیتوانی ببێتە ڕابەر و ڕێکخەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و هەرئینسانێکی ناڕازی بەو وەزعە.**

**هاوڕێ عبداللە دەڵێت**"بەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس و دوورکەوتنەوەی بەکردەوەی کۆمەڵگای کوردستان لە عێراق و بوونی بە کۆمەڵگایەکی جیا بە تایبەتمەندێتی ئابووری و سیاسی و هتد..هتد..هتدخۆیەوە ، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقی خستە بەردەم دووکۆمەڵگای لێک جیاواز"،**من لە هیچ لە سەر ئەوبڕگەیەی سەرەوە ناڵێم ، تەنیا ویستم وەک چەند بارە بونەوەی و بە ناڕۆشنی هێشتنەوەی لەلایەن هاوڕێ عبداللە وە نیشان بدەم.**

**بەڵام لە هەموی کارەساتتر ئەوەیە هاوڕێ عبداللە دەنوسێت**" ئێستا ئیتر هیچ لەوە ڕۆشنتر نیە کە حزبی کۆمۆنیست ناتوانێت لە یەک کاتدا حزبی دوو کۆمەڵگای لەیەک جیاواز بێت و ببێتە چوارجێوەیەکی ڕێکخراوەیی بۆ ئەم دوو کۆمەڵگایە،هاوکات خودی ناوی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق،لە ڕوانگەی خەڵکییەوە کەلەکوردستان دەرگیری چەندین کێشەی تایبەتی خۆیەتی و مەسائیل و گرفت و داخوازی و ڕێگا چارەی خۆی پێویستە،ناتوانێت بچێتە پشتی حزبێک و لە دەوری حزبێک کۆبێتەوە کە حزبی کۆمەڵگایەکی ترەو ناسنامەی کۆمەڵگایەکی تری هەڵگرتووە"،**(هێڵی تأکید هی منە) ئیتر ئەم بۆچوونە نە بۆچونی کۆمۆنیزمەو نە کۆمۆنیزم لەوکەسانە بێدەنگ دەبێت کە ئیتهامی ئاوای بۆ هەڵبەستن،نە مارکس و منصور حکمت گوتوویانە،دەبێت هەرکۆمەڵگایەک و حزبێکی کۆمۆنیستیی تایبەتی بۆ دروست بکرێت و نە کۆمۆنیزم مۆرکی وولات بوون و ناسنامەی ولات بوون هەڵدەگرێت ئەمە نەزەر و بۆچونی ئەو ڕەوت و چەپانەیە کە کۆمۆنیزم بۆ مەبەست و مەرامی سیاسی غیرە کرێکاریی بە کاردەهێنن و نە لە مارکسیزم و کۆمۆنیزمیش تێگەیشتوون**

**ئەم بۆچونەی هاوڕێ عبداللە ئاگایانە بێت یان نا ئاگایانە ، بۆچونێکی ناسیونالیستانەیە و لە ژێر فشاری بێر و بۆچونی باوی کۆمەڵگادا یاخود لە بێ ئاسۆیی و دەرکنەکردنی دیدگای کۆمۆنیزم و مارکسیزمدا،توشی ئەوهەڵەو بەرچاو تەنگییە بووە.من باوەڕم وایە کە مارکسیزم نابێت وەکو دەقی پیرۆز تەماشا بکرێ و لە هەموو بارودۆخێکدا وەکە خۆی ئیدعا و پراکتیک بکرێت ،بۆ نمونە لەسەر ئازادی سێکس ،تائەوکاتەی گۆڕانێکی ڕیشەی فکری و فەرهەنگی لە کۆمەڵگادا ڕووی نەدابێت .حزبی ڕابەرو سیاسی کۆمۆنیستی دەتوانێت لە هەلومەرجی سیاسی زۆر تایبەتدا تاکتیک و شێوەکاری گونجاو بگرێ ئەوەش نەک لادان نیە لە مارکسیزم بەڵکو**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕابەر بوبی ئەو حزبە دەسەلمێنێت،بەڵام نەک بەو جۆرەی هاوڕێ عبداللە دەڵێت حزبی کۆمەڵگایەکی تر و ناسنامەی کۆمەڵگایەکی تر!

دەبێت دان بەوەدا بنێین کە ڕوانگەی خەڵکی لە ئاستی گشتیدا لە سەر کۆمۆنیزم پۆزەتیڤ نییە ،ئیتر ئەوە ئەرکی حزبی کۆمۆنیست و کۆمۆنیزمە خەڵکی هۆشیار بکاتەوە کۆمۆنیزم-مارکسیزم بکاتە پەرچەم و عەقڵیەت و کولتووری خەڵکی .ئەگەر حزبی کۆمۆنیست ئەمەی نەکردووە-کەدیارە نیکردووە ،خەتای "ڕوانگەی خەڵکی و حزبی کۆمۆنیست حزبی کۆمەڵگایەکی ترەو ..خەڵک چۆن دەچێتە پشتی حزبێک کە ناسنامەی وڵاتێکی تری هەڵگرتووە.. " نیە.

من چەند پرسیارێک لە هاوڕێ عبداللە دەکەم ،چۆن و بە چ شێوەیەک حزبی کۆمۆنیست ناسنامەی وڵاتبوون و عێراقی بوونی هەڵگرتووە؟ لە کوێی سیاسەت و ئیدعا و بەرنامەکەی(دنیایەکی باشتر)ئەمەی ڕاگەیاندووە ؟ بۆچی شانزە ساڵە دەرک بە عێراقی بوونی حزب نەکراوە،کەچی لە شەوڕۆژێکدا ناسیونالیست بوون- عێراقی بوون کرا بە بەرۆکی حزبدا؟ئایا بەڕاستی حزبی کۆمۆنیست ناسنامەی وڵات بون و عێراقی بونی هەڵگرتووەو بەرنامە سیاسی و فکریەکەی بەکەڵکی وڵاتێکی تر نایات؟مرۆڤ دەتوانێت هەرحزبێک بە بەرنامەکەیدا بناسێتەوە، ئایا برنامەیدنیایەکی باشتر مۆرک و ناسنامەی وڵات بوون و عێراقی بونی هەڵگرتووە؟من داوا لە هاوڕێ عبداللە دەکەم وڵامی ئەم پرسیارانەم بداتەوە.

بابەتی "ئەو حزبەیکە بڕیارە پێک بێت ،حزبی لەپێشدا بڕیار لەسەردراوی هیچ هێز و لایەن و گروپێک نیە " ئەگەر چی قسەزۆر هەڵدەگرێت و دەکرێت چەندین بابەت و بۆچونی هاوڕێ عبداللە شیبکرێتەوەو ڕەخنە بکرێت، بەڵام من ئاماژە بە چەند شتی پێویست دەکەم.

هاوڕێ عبداللە دەڵێت"ئاخۆ ئەو حزبەی بڕیارە دابمەزرێت هەمان حزب و هەمان کادران و هەمان میتۆدی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری پێشووە یان شتێکی ترەو.. " هاوڕێ عبداڵلە خۆی وەڵام دەداتەوەو دەڵێت " ئەو زحبەی بڕیارە دابمەزرێت،نە بەچکەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقەو نە بەشێکە لەو نە ئەو دای دەمەزرێنێت و نە گۆڕینی کۆمیتەی کوردوستانی حزبە بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، بەڵکو حزبی هەموو ئەو کەسە چەپ و مارکسی و حیکمەتی و لینینیانەیە .... " من ناڵێم (حزبی) تازە بەچکەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقە، بەڵکو دەتوانم بڵێم شەقکردنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقە بە شێوەیەکی موحتەرەمانە ،هاوڕێ عبداللە خەریکە جاڕی لە کارکەوتنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق دەدات ،نەقدێکی نارۆشن لە حزب دەگرێت بەبێ ئەوەی دروست ڕۆشنی بکاتەوە وەکو "حزبی لە دەستدانی فرسەتەکان هەمان میتۆدی حزبی و..حزبی هەمان ئەقڵیەت و تێگەیشتنی کۆنەوەو..هتد"بۆ ئەوەی شەرعیەتی زیاتر بە دامەزراندنی (حزب)ێکی تر بدات.

هەروەها ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگر ئەوەیە ئەو حزبەی کە قەرارە پێکی بهێنن نیوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق دروستی دەکات ،هەموو ئەو هاوڕێیانەی کەقەرارە (حزب)دروست بکەن، لەئۆرگانە باڵاکانی حزبدان و کەسێکی جیا لەوانی تێدانییە،گوزارشتی "بەڵکو حزبی هەموو ئەو کەسە کۆمۆنیست و چەپ و مارکسی و حکمەتی و لینینیانەیە " ناتوانێت ئەو ڕاستیە پاساو بدات کە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**نیوەی حزبی کۆمۆنیست خەریکە(حزبێکی) تر دروستدەکات. مەبەست لەو تێکەڵی وپێکەڵییە چییە؟!کەسە چەپ و کۆمۆنیست و مارکسی و حکمەتی و لینینیانە .هەزاران چەپ و مارکسی هەن حیکمەتی نین و لەوانەشە بڕێکیان ڵێنینی نەبن – حکمەتی و کۆمۆنیزمی کرێکاریی نەبن، من باوەڕم بە ڕاو بۆچونی جیاواز لە چوار چێوەی حزبێکدا هەیە،لەسەر هەندێک مەسەلەی سیاسی و تاکتیکی و هتد،بەڵام چەپێک مارکسیەک کە باوەڕی بە کۆمۆنیزمی کرێکاری نەبێت و لە ڕوی فکرییەوە سەر بە ڕەوتێکی غیرەکرێکاریی بێت چۆن جێی دەکەیتەوە و بانگەوازی دەکەیت بێت و بەو حزبەوە پەیوەست بێت ئایا باوەڕت وایە ئەو چەپ و مارکسیانە دێن و بەو حزبەوە پەیوەست دەبن؟ لەلایەکەوە دەڵێن حزبی مارکسی و حیکمەتی و کۆمۆنیزمی کرێکارییە ولەولاشەوە بانگەوازی چەپ و مارکسیەکان دەکەن بە حزبی تازەوە پەیوەست بن.واقیعەت ئەوەیە شانزە ساڵە چەپ و مارکسیەکان ،ئەوانەی لەدەرەوەی حزبی کۆمۆنیست و کۆمۆنیزمی کرێکاریدان، دەتوانم بڵێم زۆرکەمیان بە حزب و ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە پەیوەست بوون و یاخود لەوانەیە عەتفێکیان بە حزب پیشاندابێت و هەروەها چەپی زۆریش هەبووە دژایەتی حزب و کۆمۆنیزمی کرێکاری کردووە.بۆیە من پێم وایە ئەو تێکەڵ و پێکەڵییە بەشێکە لە سەرگەردانی سیاسی و کێشەیەکی گەورەتر ، کەحزبی کۆمۆنیستی کرێکایی عێراقی تێکەوتووە و چارەسەریش پێکهێنانی حزبێکی ترنیە تابێت و حزب لەو ئەزمەیە ڕزگار بکات.بانگەوازی چەپ و مارکسی هتد بۆ پەیوەست بوون بە حزبی تازەوە،هاوڕێ عبداللە ی توشی بیروبۆچونی دژ بەیەک کردووە. چوونکە ئەوە ئاشکرایە کۆمۆنیزمی کرێکاری چەپ و مارکسیەکان دوو ڕەوت و گرایشی تەواو لێک جیاوازن و کۆمۆنیزمی کرێکاریش لەسەر دەستی منصور حکمت لەو جیاوازییەوە هاتووەو گەڕانەوە بوو بۆ سەر پایەی کۆمەڵایەتی خۆی.**

**هەروەها هاوڕێ ئاسۆ کەمال توشی هەمان بیرو بۆچونی دژ بەیەک و بە جۆرێکیش بۆ چونی دژ بە هاوڕێ عبداللە ی بەیان کردووە .**

**هاوڕێ ئاسۆ دەڵێت**" بۆئەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری بکەینە بزوتنەوەیەکی سیاسی و جەماوەری پێویستمان بە تێکەڵکردنی کۆمەنیستەکان نیە لەگەڵ بەرنامەو سیاسەتی غیری کۆمۆنیستی و غەیری کرێکاریدا و بەم پێیەش پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان بریتی نییە لەدەورانی تێکەڵکردنەوەی سۆسیالیزمی کرێکاری بەو ڕەوتە غەیرە کرێکاری و غەیرە کۆمۆنیستیانەوە" **دواتر دەنوسێت** " هەروەها پێکهێنانی ئەم حزبە ڕەوتی تێکەڵاوکردنەوە لەگەڵ چەپی ڕادیکاڵ و حاشیەیش نییە و لەوێوە هێز ناگرێت،بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕەخنەی پراتیکی و خۆدورخستنەوە لە سونەت و پراتیکی ئەو چەپە حاشیەیەمەسەلەیەکی گرنگە لە سەرکەوتن بە سەرلاوازییەکانی تا ئێستای کۆمۆنیزمی کرێکاریدا"

**هاوڕێ ئاسۆ ئینجا بەم شێوەیە دەنوسێت**" هەربۆیە بانگەوازی ئێمە بۆ دەرەوەی ڕیزەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بۆ بەشداری لەم پرۆسەی پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانەدا ڕوو لە جەماوەرو ڕابەرانی نارەزایەتیەکانی ئێستاو ئەو دەستەو کۆمەڵانەیە کە لەم نارەزایەتیانەدا و لە خەبات دژی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی دژ بە کۆنەپەرستی ئیسلامی خۆیان بە چەپ و کۆمۆنیست و ڕادیکاڵ یان هاوبەشی بەندو بەرنامە و سیاسەتی دەزانن" **بەڕاستی من پێم سەیرە کەوا ئەم هاوڕێیانە کەوتونەتە بۆچوونی دژ بەیەکەوە لەگەڵ خۆیاندا،لەلایەکەوە بانگەوازی چەپ و کۆمۆنیست و مارکسی و**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**هتد دەکەن بێن بەپرۆسەی دامەزراندنی حزبەوە پەیوەستبن ،لەلایەکی تریشەوە دەڵێن پێکهێنانی ئەم حزبە ڕەوتی تێکەڵبوونەوە لەگەڵ چەپی ڕادیکاڵ و حاشیەیی نییە و لەوێوە هێز ناگرێت.**

**هاوڕێ ئاسۆ دەڵێت**" کۆمەڵگای کوردستان لە کۆمەڵگای عێراق جیاوازە لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە بەم پێیەش ململانێی سیاسی و فکری و کۆمەڵایەتی و حزبی تیایدا جیاوازە و لەیەک چوارچێوەی حزبیدا ناتوانن ئەرکی دوو بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری کە جیاوازە لە ڕووی مەندان و مەسەلەکانی دەرگیرن لەوململانێیەدا وڵامبدەینەوە"، **هاوڕێ ئاسۆ بەڵگەیەکی بەرجەستە سەبارەت بە جیاوازیەکانی عێراق و کوردستان بەدەستەوە نادات و سەرپێیانە تێدەپەڕێت، کەسیش نازانێت مەبەست لە دووبزوتنەوەی کۆمەڵایەتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی چییە ؟!(هێڵی تأکید هی منە)**

**هاوڕێ ئاسۆ دەڵێت** " کۆمۆنیزمی کرێکاری لە کوردستان ناتوانێت جارێکی تر هەستێتەوە لە چوارچێوەی تەشکیلاتی و سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕابردوودا و بەبێ دروست کردنی حزبی سەربەخۆی خۆی".**هاوڕێ ئاسۆ هەموو شتێک دەڵێت تاکوو پێکهێنانی حزبێک بسەلمێنێ و زەمینە سازی بۆبکات.جاری مەرگی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە کوردستان دەدات تاکو بڵێت خەڵکینە ئەگەر حزب دانەمەزرێنین کۆمۆنیزمی کرێکاریی کۆتایی دێت .من پرسیارێکی گریمانەیی لە هاوڕێ ئاسۆ دەکەم و دەڵێم ، ئەی ئەگەر ئەم حزبە لەبەر هەرهۆیەک بوو دانەمەزرا ئەی ئەوکاتە چیی؟ دەبێت ئیتر خەڵکی لە کوردستان باسی کۆمۆنیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاری نەکات ؟**

**هاوڕێ ئاسۆ لە پەیوەند بە جیابوونەوەی کوردستانەوە دەڵێت** " ..لەلایەن ئێمەوە ئەم حەرەکەتە بۆ سەربەخۆیی کوردستان بزوتنەوەیەکە بۆ نەهێشتنی دەسەڵاتی حزبە میلیشیا حاکمەکان و ڕەخساندنی فرسەتێکە بۆ ئەوەی ببینە هێزی یەکەم کەچارەنوسی دەسەڵات لە کوردستان دیاری دەکات و لەدەست دەسەڵات و بەدیلی فیدڕالیزمی شکست خواردووی حزبە ناسیونالیستەکان دەری دەهێنێت .ئەمە بەڕای ئێمە تاکتیک و ڕێگای بە دەسەڵات گەیشتنە لەململانێ لەگەڵ ناسیونالیزمی کورددا و .. " هەرکەسێک بەمە مخالیفە دەبێت تاکتیک و ڕێگا چارەی تری خۆی بۆ گەیشتنە دەسەڵات بخاتەڕوو.. "

**بەڕاسی ئەمە تێڕوانینێکی نادروست وغیرە کۆمۆنیستیە ،ئەوە چ سیاسەت و کۆمۆنیزمێکە هۆشیارکردن و ڕێکخراوکردنی چینی کرێکار و زەحمەتکێشان و شۆڕشی کرێکاری لە بیر کردووەو خەریکە لەسەر تەنیا یەک مەسەلەی(تاکتیکی)دەست بۆ دەسەڵات ببا و دسەڵات بەدەستەوە بگرێت.من پێم وایە ستراتیجێک نەک مەسەلەیەکی تاکتیکی کە دەتانەوێت حزبێکی بۆ دروست بکەن،ئەویش ئەوەیە دەتانەوێت بەهەڵخڕاندنی خەڵکی لەسەرمەسەلەی جیابونەوەی کوردستان هێزبگرن ئەمە جگە لەوەی گوتم سونەتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی نییە و ئەگەریش ببێت تەنها یەکێک دەبێت لە مەسەلە تاکتیکێکانی حزب و کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ یەک لا کردنەوەی ئەو کێشەیە ،لە وەهمێک و سەرگەردانێکی سیاسی دەچێت کە یەخەی حزبی کۆمۆنیست و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی گرتووە،هەروەها سەبارەت بەوەی ئەگەر کەسێک بەمە مخالیفە دەبێت تاکتیک و ڕێگایەکی تری خۆی بۆ گەیشتنە دەسەڵات بخاتە ڕوو. بەڵی هاوڕێ ئاسۆ بەتأکید تاکتیک و ڕێگا چارەی تر زۆرە و کێشەکە ئەوەیە کە حزبی کۆمۆنیست و کۆمۆنیزمی کرێکاری دەستی بۆ نەبردووە ئەم حزبە کاری نەکردووە ،حزبێکی ئاوارە بووەو مەیدانی سەرەکی کە**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

داخله چۆڵ کردووه ،ئەمە حقیقەتێکی تاڵەو دەبێت باسی بکەین و ڕەنگمان سوورنەبێتەوه .عیراق- کوردستان ئەگەر نەڵێم بەتاڵ ئەوا زۆر زۆر کەم بۆتەوە لە ئەندامان و کادران و ڕابەرانی حزب و کۆمۆنیزمی کرێکاریی ، هەموو ئەو ئەندام وکادرو ڕابەرانەی حزب کەدەکرا کاری ڕۆژانەی جدی بکەن، لە هەندەرانن و مەیدانیان چۆلکردووه.ئەمە ڕاستیەکە بە هیچ شتێک پاساو نادرێت، ڕاستە لە حزب دراو پێشمەرگەی حزب تیرۆرکرا بارەگاکانی داخراو فشارێکی زۆر خرایە سەر حزب ، بەڵام حزب دەیتوانی لە داخل بمێنێتەوە ئەگەر بیویستایە دەیتوانی خۆی بگریَ و بە پێی توانا کاری خۆی بکردایە، بەتایبەت لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس فرسەتی گەڕانەوەو کارکردن زۆرتر وفراوان بوو، کەچی حزب هەر وازی لە ئاوارە بوون نەهێنا.

حزبێک دەتوانێت تاکتیک و ڕێگا چارەی عەمەلی و دروست بەدەستەوە بگرێت ، لە نێومەیدانی سیاسەت و کارکردندا بێت ،لە ناودڵی کۆمەڵگا و کێشەسیاسیەکاندا بێت ،ئەوکاتەش بەڕای من دەتوانرێت دەست بۆ تاکتیک و ڕێگا چارەی عەمەلی و گونجاو ببات.حزبی کۆمۆنیست بە ئەندازەیەیی لە گۆمەڵگا دورکەوتۆتەوە ،هێندەش سیاسەت و ڕێگا چارەو تاکتیکەکانی نادروست غیرە کۆمۆنیستی بووە،ئەوەتا ڕێکخستنی چینی کرێکار و شۆڕشی کرێکاری لە بیر کراوە وتەنیا لەسەر مەسەلەیەکی تاکتیکی دەتانەوێت دەسەڵات بگرن! بەڕای من کەدەکرا ئەوڕێگا چارەو تاکتیکەی کە هاوڕێ ئاسۆ باسی دەکات،یەکێک بوایە لە ڕێگا چارەو تاکتیکگەلێکی تر لە بەرنامەو سیاسەتی حزبی کۆمۆنیست و کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ دەست بردن بۆ دەسەڵات و کێشەی جیابونەوەی کورسدتان لە عێراق.

من تأکید دەکەمەوە کەدەبێت بچینەوەناو کۆمەڵگاو کاربکەین،وەک چۆن هەمیشە ڕامانگەیاندوە ئێمە بەرپسیارین لە بەرامبەر کۆمەڵگادا و دەبێت ئەم هەست بە بەر پرسیارێتیە بەڕاستی بەرجەستەبکەین،ئەوکاتە دەزانین دەست بۆ چ جۆرە تاکتیک و ڕێگا چارەیەک دەبەین ئەگەر ئێمە حزبی کۆمۆنیست – کۆمۆنیزمی کرێکاری بەڕاستی ئەو بەرپرسیارێتیەمان نیشانبدایە لە بەرامبەر کۆمەڵگادا و لە عێراق و کوردستان بوینایە،لانی کەم لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس گەڕانەوە ببوایە بە مەبدەئو  بڕیار و مەسەلەیەکی ئەخلاقی بۆ ئێمە لە بەرامبەر کۆمەڵگادا .لە عێراقدا ڕۆژانە کارەسات دووبارە دەبێتەوە مرۆڤ قەسابی دەکرێت هیچ ئاسایشێک نییە،نارەزایەتی جۆش خواردوو هەیە هەروەها هەموو دەستە و تاقم و ڕەوتی جانەوەر ئاسا هەیە و خەڵک دەکوژن کاریگەریان بەسەر خەڵکەوەهەیە،کۆمەڵگە بەرەو جەهل وەحشیگەری و تیرۆر و تۆقاندن دەبەن،تەنیا تروسکەیەکیش کە کۆمەڵگە لەو تراژیدیایە ڕزگار بکات و ژیان بۆ کۆمەڵگای عێراق بگێڕێتەوە،تەنیا بەرەی کۆمۆنیزمە کەچی وەکوو بێکاریگەرترین بزوتنەوە ماوەتەوەو نەیتوانیوە ئاڵوگۆڕ لە ڕوانگەی خۆیەوە و بە قازانجی ئازادی و ئاسایش و مەدەنیەت دروستبکات .ئەوەی دەڵێت بەرپرسیارم لەبەرامبەر کۆمەڵگادا،دەبێت بچێتەوە ناو کۆمەڵگا دەبێت کار بکات هاوار بکات،دەبێت وەسیلەی بەرەنگاری و هۆشیاری و خەباتی هەبێت دەبێت بچێتە مەیدانەوە تاکوو خەڵک بە پاڵەوان و فدریاد ڕەسی بزانێت و پشتیپێببەستێت ،دەبێت وەسیلەی کاریگەری ڕاگەیاندنی هەبێت،کە بەڕای من لەپاڵ ڕاگەیاندنەکای تردا

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گرنگترین و کاریگەرترین دەزگای ڕاگەیاندن تەلفزیۆنە کەچی دوای شانزە ساڵ لە دامەززراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق تاکو ئێستا تەلفزیۆنی نییە.ئەم حزبە ئەم بزوتنەوەیە دەبێت دەنگــی بەخــەڵک بگــات ،ئەمــە کێشــەگەورەکانی حــزب و کۆمەڵایــەتی و جــەماوەری نەبونەوەیەتی.دەبێت ڕاگەیاندنی ڕۆژانەت هەبێت تاکو دەنگت بە خەڵک بگات،خەڵک بزانێت چ دەڵێیت بەرنامەت چییە و چۆن کۆمەڵگا ڕزگار دەکەیت.ئێمە نەمان توانییوە دەنگی حزب دەنگی کۆمـۆنیزم و یەکسـانی خـوازی و ئـازادیخوازی کۆمـۆنیزم بـە خـەڵک بگەیـەنین .کۆمـەڵگا- بزوتنەوەی کرێکاریی و کۆمۆنیزم و یەکسانی خوازی بریتی نییە لە نوخبەی ئەدەبی و هونەری ،ئەم نوخبەیە بەهەر جۆرێک لە جۆرەکان و بەهەر ڕێگایەک بێت دەتوانێت چەندێک بیانەوێت لە بەرنامەو سیاسەتی حزب و بزوتنەوەکان ،بەپێی تێگەیشتنی خۆیان بگەن،ئەم نوخبەیە خۆی بەدوای زانیاریەکاندا دەڕواو دەیەوێت بیان زانێت.بەڵام بۆ جەماوەری بەرینی خەڵکی دەبێت حزب و بزوتنەوەکان بەدوایاندا بگەڕێ و بچێتە نێویانەوەو هۆشیاریان بکاتەوەو سەرنجیان بۆ لای خۆی ڕابکێشیت.سەرمایداری- ئەو حزب و بزوتنەوەو چەقۆکێشانەی کە لەعێراقدا خەڵکیان لە دەوری خۆیان کۆکردۆتەوەو ملیشیایان هەیەو(حکومەت) دروست دەکەن و حوکمی دیکتاتۆری و جەهل وتۆقاندن بە سەر خەڵکیدا دەسەپێنن ،تەنیا بە درۆ و فریوکاری و لە ڕێگای ڕاگەیاندنی سەدانسەرەی خۆیانەوە خەڵکیان بە دوای خۆیاندا کێشکردووە.مەبەستم ئەوەیە بڵێم ڕاگەیاندن بە درۆ و دەلەسە خەڵکی ئاڕاستە کردووە بەلام ئەگەر بزوتنەوەیەک حزبێک ڕاستیەکان بە خەڵک بڵێت و لەڕوانگەی ئازادی و بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێسان و خەڵکییەوە،باس لە داگیرکاری ئەمەریکا بکات،باس لە سیاسەت و بەرنامەی ئەحزابی قەومی و دینی و کۆنەپەرستی ئیسلامی سیاسی بکات و لە بەرامبەردا بەدیلی خۆی- بەدیلی یەکسانی و ئازادی و خۆشگوزەرانی و ئاو کارەبا و ئاوادانکردنەوەو هتد بۆ خەڵکی بکا بڵێ خەڵکینە ئەمانە بەرنامەکانی منە بۆ ئێوە ، من بڕاوام وایە ئەوکاتە خەڵکی دێن و بە دڵ و گیانیش دیفاعت لێدەکەن .

لەوانەیە هاوڕێانێک هەبن و بڵێن ئێمە شانزە ساڵە ئەمانەمان وتووە ،منیش دەڵێم وتراوە ،بەڵام بە هەموو خەڵکی نەگەیشتووە وتەنیا ڕێژەیەکی کەم لە خەڵک کرێکاران و بێبەشانی کۆمەڵگە بیستویانە ئێمە ناتوانین لە ڕێگای چەند بڵاوکراوەیەکەوە کە مانگی یەک یان دوو جار دەر دەچێت ئەویش لە سەر چەند مەسەلەیەک دەنوسێت خەڵک هۆشیار بکەیتەوە و ڕووەو کۆمۆنیزم و مەدەنیەت بیانهێنیت .دەبێت جەریدەی ئەگەر ڕۆژانەت نەبێت لانی کەم دووجار لە هەفتەدا هەبێت.گۆڤاری فکری و سیاسی وفەرهەنگیت هەبێت .دوشمنەکەت- سەرمایەداری هەموو ئەو چەکانەی هەیەو تۆش دەبێت هەتبێت .ناکرێت شانزە ساڵە و شانزە ساڵی تریش چاوەڕێبین و بڵێین ئیمکانات نیە پارەمان نییە.ئەمە نیشانەی داماوی و لاوازییە . دەتەوێت کۆمەڵگا ڕزگار بکەیت و شۆڕش بکەیت و دەسەڵات بگریت بەڵام بەدەستی خاڵییەوە.حزبی سیاسی ئیدعاکاری شۆڕش و گرتنەدەستی دەسەڵات دەبێت خاوەنی قوسرەت بێت.بۆ شانزە ساڵ تێدەپەڕێت هێشتا بڵێین ئیمکاناتی مادی نییە، پرۆژەی ئابوری بەهێزمان نەبێت ڕاگەیاندن نەبێت،ڕادیۆ و تەلەفزیۆن نەبێت.ئەگەر وەسیلەی ڕاگەیاندنی بەهێزمان هەبێت دەتوانین

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کۆمۆنیزم بکەین بە کولتور ئەخلاق و فەرهەنگی بەشەر .دەتوانین خەڵکی تێبگەیەنین کە کۆمۆنیزم یانی گەڕانەوەی بەشەر بۆ ئاستی بەشەریانەی خۆی ئەگەر بەجدی وڕاستگۆی دەمانەوێت کۆمۆنیست بین و بەرپرسیار بین لە بەرامبەر کۆمەڵگاو بەشەریەتدا ،دەبێت لە ئاستی قسەو ووتاردانەوە دابەزین بۆ ئاستی کارکردن ،حزبی کۆمۆنیست – کۆمۆنیزم پڕچەک بکەین و (مەبەستم تەنیا چەک نییە)بچینە نێو کۆمەڵگا.شۆڕش تەنیا بە ووتاردان و ئەویش لە دورەوەو لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتدا ناکرێت ،ئەوەش تەنیا یەکێکە لە وەسیلەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ،حزبی کۆمۆنیست وکۆمۆنیزمی کرێکاریی دەبێت ئەم کارەبکات و بگەڕێتەوە ناوکۆمەڵگە.

ئەم حزب و بزوتنەوەیە لە بێکاریدا خەریکە توشی سەرگەردانی و شەقبوون دەبێت ،من باوەڕم وایە کارکردنی جدی و گاڕانەوەمان بۆ ناو جەماوەری کرێکاران بێبەشان و هەموو ئینسانێکی شەریف و ناڕازی و پێشکەوتنخوازی کۆمەڵگا،دەتوانێت ئەم حزب و بزوتنەوەیە لە شەق بوون و سەرگەردانی بپارێزێت و باوەڕپێبوونی خەڵکی بەم حزبە مسۆگەربکات و هێز پەیدابکات و ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی لە کۆمەڵگادا دروست بکات.

با ترسمان نەبێت و بگەڕێینەوە نێوکۆمەڵگا،ئەگەر بەڕاستی قەرارمان داوە چینی کرێکارو بەشەریەت لەژێر نیزامی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری ڕزگار بکەین،دەبێت ترسیشمان لەوە نەبێت ئازارمان دەدەن زیندانی و تیرۆرمان دەکەن.ئێمە دەبێت ڕێگاکانی خەبات و تێکۆشان بناسین و  خۆمان پڕچەک وبەهێز بکەین،ئیتر نابێت ترسمان لە پێشهاتەکان بێت ،ڕێگایەکە ئارەزومەندانە هەڵیدەبژێرین و دەبێت چاوەڕێ و ئامادەیی قوربانیدانمان هەبێت.لە کۆتایدا دەڵێم ئەوکارە هەنوکەیی و گرنگانەی کەدەکەوێتە ئەستۆی حزبی کۆمۆنیست و دەیگێڕێتەوە سەر پایەی ئەسڵی خۆی و لەم ئەزمەیە ڕزگاری دەکاتئەمانەیە.

یەکەم/بەڕای من حزبی کۆمۆنیست دەبێت کاربۆگەڕانەوەبکات و لە پرۆسەیەکی کورتدا بەرچاوڕۆشنی پیشانبدا و لە ئاستی تەشکیلاتیدا ڕێنوێنی و ڕونکردنەوەی پێویست سەبارەت بە گەڕانەوەی حزب بۆ ناوەوە بدات.هەروەها وەکو کەمپینێکیش لە ئاستی گشتیدا ڕای بگەیەنێت و سەرجنی کۆمەڵگە لەم بارەوە ڕابکێشێت.دواجاریش بە ڕەسمی و وەکو بڕیارێکی حزبی ڕوو بە تەشکیلاتی دەرەوە ڕابگەیەنێت و داوا لە کادران و ئەندامانی حزب بکات بگەڕێنەوە داخل.هەروەها ئیجرائاتی جدی و پێویستیش لەگەڵ ئەو ئەندامانەدا بکات کە نایانەوێت بگەڕێنەوە.

ادووەم/دەبێت دەست بە جێ و لە کورترین ماوەدا ئیمکاناتی مادی پێویست کۆبکاتەوەو وەسیلەکانی ڕاگەیاندن – بلاوکراوەو ڕادیۆ و تەلەفزیۆن هتد دابین بکات و بە تایبەت تەلەفزیۆن ، بانگەوازی خەڵک بکات کۆمەکی مادیی بە حزب بکەن،تەنانەت نامەی شەخسی بۆ کەسایەتیەکان بنێرن و داوای کۆمەکیان لێبکەن

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سێیەم/وەکو بڕیارێک داوا لە هەموو ئەندامانی حزب بکرێت هەریەکێک لە 500 تا1000دۆلار و هتد.لە ڕاستای دامەزراندنی ڕاگەیاندنێکی جدی وچالاکدا ،بە حزب ببەخشن و بەرپرسیارێتی لە خۆیان نیشانبدەن.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com